# بازۆڕەی جوانەمەرگ

خاڵەبەکر

بۆ جاویدانی دڵشاد مەریوانی

ئەم بەیانیە زۆر سەیرە...
نەگەڵا بۆ شنە دەشنێتەوە،
نەپاساری،بۆ سەوزایی..
نەدڵۆپە باران،دوعاخوازی لەهەور ئەکا...،
نەتینوو...
بۆ ئاوی کانی چۆک دائەدا.

* * *

ئەم بەیانیە زۆر سەیرەو..،
ئەندێشەش گۆمێکی مەنگە،
ئەوەتانێ هەر ماسیەو،ڕێگەی سەختی،
بەرەو کەنار شەق دەکا..
فرمێسکی..بەستەڵەکی ڕێ ئەتوێنێتەوەو..
تێکەڵاوی گشت گەردیلەی خوایی دەکا.

* * *

ئەم بەیانیە زۆر سەیرە..
لەتاو ژانی بێ ئارامی،
خوێن لەچاوانی "ڕۆزا" زاو..*
بێ سودیش بوو چاوەڕوانی...،
بازۆڕەی مەست...
ڕۆحەکەی تۆ خەرمانێ بوو...
ئاغزە جگەرەی لاکێشێ،گڕی تێبەردا..،
گوڵم هەر دەنکە گەنم بوو..
لەئاست خۆیا هرووژا..
گوڵم هەر مێشکی ئەغیار بوو...
بووە وڵاتی موچڕک و تەزوو،
بازۆڕەی مەست بەسەمای خۆت..
کەنگێ مەرگ پیت دەوێرا..!
بەڵام ئەفسوس..!
ژیانت مشتێ غەدر بوو،
هەنجیرو مێژوو لەمستیانا حەشاریان دابوو،
بازۆڕەی مەست..،
تۆ مەرگ پێت نەدەوێرا...
هەر شیعریش بوو لەشەرمانا..

**دەست نوێژییە گرت،**

**بۆ بازۆڕەی دڵ هیوا ڕێژ..،**

**ئایەتێکی دەخوڵقان و سوجدەی دەبرد.**

* * *

**1989 /لەنامیلکەی (خەرمانی خەم)ەوە.**

***بازۆڕە:مەلێکی بچکۆلەیە،کاتێ هەنجیر پێ دەگات،بەدەنوکی هەنجیرێک کون دەکات وساڕێژی دەکاتەوە تادەترشێت،پاش ترشاندن دەیخوات و بەدیاریەوە دەکەوێتە ئاواز چڕین و سەماو،گیان لەدەست دەدات.**

***ڕۆزا:جگەر گۆشەی دڵشادە،پاشکۆی عێراقی ژمارە 144 کەئەم هۆنراوەیەی بڵاوکردەوە(بۆ جاویدانی دڵشاد مەریونی)قرتاندبوو،وە(ڕۆزا)شی لەهامشا کردبوو بە ڕۆزای لکسمبۆرگ.**